حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلان دانان
دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

# سیاسەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕاگەیاندن

تشرینی دووەم/2014

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی پلان دانان

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

# سیاسەتی مامەڵەکردن لەگەڵ راگەیاندن

تشرینی دووەم/2014

تشرینی دووەم/2014

مافی چاپکردن وبلأَکردنەوەی پارێزراوە بۆ دەستەی ئاماری هەریم/2014

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، سیاسەتی بڵاوکردنەوەی ئامارە فەرمیەکان-2014

تەلەفون: +964662559170

ئیمێڵ contact@krso.net

سایتی دەستە www.krso.net

## پێشەکی

متمانە بوون لە دەستەی ئاماری هەرێم بە ڕاگەیاندن لە بڵاوکردنەوەی ئامارە فەرمیەکان و بوونی ڕاگەیاندن بە ڕووکاری سەرەکی دەستە بۆ جەماوەری بەکارهێنەران بە جیاوازی چین و توێژەکانیەوە، دەستەی ئاماری هەرێم هەڵسا بە پەرەسەندنی سیاسەتی تایبەت بە مامەڵە کردن لەگەڵ ڕاگەیاندن بە گشت جۆرەکانیەوە.

ئەوسیاسەتەش ڕووکاری دەستە دەگێرێتەوە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی تێکەڵاوی ڕاستەقینە ، هۆکاری ڕاگەیاندنە جۆراوجۆرەکان بە ڕەچاوکردنی پێداویستیەکانی ئێستاو ئاییندە بۆ بەردەوامبوونی ئەو پەیوەندییە کە خزمەتی بەرژەوەندی هەردوولا دەکات .

ئیمەش لێرە دا دڵنیاین کە ئەو سیاسەتەی مامەڵە کردن لەگەڵ ڕاگەیاندن بە هەنگاوێکی سەرەکی دادەنرێت لە ڕێرەوی پەرەسەندنی ئامارە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستاندا کە خزمەتی پشتگیری کردنی بەکارهێنانی داتا ئامارییەکان دەکات لەپلان و دانانی سیاسەتەکان و بڕیاردان .

هەندێك لە دەزگا ئامارییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە دوو ئامرازەوە دەبەستن لە بڵاوکردنەوەی ئامارەکان ئەوانیش ئەنتەرنێت و هۆکارەکانی ڕاگەیاندنە . سەرەڕای ئەوەش ئەو پەرەسەندنە خێرایەی لە بە کارهێانی ئینتەرنێت . ئەو ڕاستیەش دەمێنێتەوە کە هێشتا هەندێك لە هاوڵاتیان زانیاری ئامارییان دەست دەکەوێت لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە. کەواتە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن هێشتا هۆکار و کەناڵی سەرەکییە بۆ گەیاندن لە نێوان دەزگای ئاماری و جەماوەر بە گشتی .

**دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان**

## سیاسەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕاگەیاندن

### بنەما سەرەکیەکان:

- ڕاگەیاندن دەروازەی سەرەکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستانە بۆ گەیشتن بە جەماوەری سوودمەندبووان.
- بڵاوکراوەکانی ئاماریی دەستە بەپێی ڕۆژژمێری ئاماری دەبێت.
- ئامارەکانی ئاڕاستەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن دەکرێت لەلایەن دەستەوە بەبێ گریمانەی ئەوەی ڕاگەیاندنەکان هیچ زانیاریەکیان هەبێت دەربارەی هەواڵەکە، ئەمەش پێویستی بە دابینکردنی سەرجەم ووردەکاریەکان هەیە بۆ ئاسانکردنی مامەڵەی ڕاگەیاندنەکان لەگەڵ ئامارە بڵاوکراوەکانی دەستە.
- دەستەی ئامار بەردەوام هەوڵ دەدات بۆ ئاشنابوون بە بابەتەکانی جێی بایەخی دەزگا جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن.
- دەستەی ئامار کاردەکات بۆ پتەوکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ هۆیە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن.
- دەستەی ئامار کاردەکات بۆ پتەوکردنی متمانەی ڕاگەیەنکاران بە کاری دەستەو ئامارەکانی دەریدەکات.
- داواکاریەکانی داتا لەلایەن ڕاگەیاندنەکان وەك ئەولەویەت مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت
- ئەم سیاسەتە لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

### بنەمای ڕێنماییدەر

سیاسەتی دەستە سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕاگەیاندنەکان بەپێی ئەم بنەما ڕێنماییدەرانەی خوارەوە دەبێت:

| | |
|---|---|
| پێوەرەکان | بوونی پێوەری ڕوون دیاریکراوو شەفافو ڕاگەیندراو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕاگەیاندنەکان |
| لایەنی تایبەتمەند بە پەیوەندیکردن | بوونی لایەنی سەرەکی تایبەتمەند بە پەیوەندیکردن لە نێوان ڕاگەیاندنەکانو دەستە، ئەم لایەنەی پەیوەندیکردنە کاردەکات بۆ ڕێکخستنی گشت چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانیەکان. |
| لایەنی ڕێپێدراو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕاگەیاندنەکان | سەرۆکی دەستەو ئەو کەسانەی ڕێیان پێدەدرێت. |
| بنچینەی سەرەکی | • پێشکەشکردنی داتا ئامارییەکان وەکو خۆی بەبێ چوونە ناو سیاسەتە پەیوەندیدارەکان.<br>• خۆلادان لە باسکردنی هەڵوێست/ ڕای کەسی<br>• قسەکردن تەنها لە چوارچێوەی پسپۆڕی خۆی Within your areas of competence |
| ڕێگاکانی کارکردن/مامەڵەکردن لەگەڵ ڕاگەیاندنەکان | • بەیاننامەی ڕۆژنامەوانیو کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی<br>• هەواڵ |
| هۆیەکانی پەیوەندیکردنی بەردەوام لەگەڵ ڕاگەیاندنەکان | • پێگەی ئەلیکترۆنی<br>• ئیمەیل<br>• چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ |

## یەکەم: پۆلین کردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و مامەڵە کردن لەگەڵ هەموو کۆمەڵەیەك بەرێگەیەکی گونجاو

### 1.پەیامنێرانی ئاژانسەکانی هەواڵەکان

ئەم کۆمەڵەیە گرنگی دەدات بە پێشبرکێی ی ڕۆژنامەوانی وخێرایی لە دەستەبەر کردنی هەواڵ بۆ بەکارهێنەران، وەگرنگیش ئەوەیە بۆ پەیامنێرانی ئاژانسی هەواڵەکان دەستەبەرکردنی هەواڵ و توانای گەیشتن لە وردەکاریی زیاتر بۆ دروست کردنی هەوالێکی بە نرخ ئەمەش وا لە دەستەی ئامار دەکات کەچەند ئامارگرێکی بەتوانا دەستەبەر بکات کە توانای وڵام دانەوەیان هەبێت بۆ ئەو پرسیارانە و زانیارییانە لە هە رکاتێك.

### 2.ڕۆژنامە سەرەکیەکان و پەیامنێران لە بواری ئابووری

ئەوەی ئەو کۆمەلەیە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە پابەندن بە بەدواداچوون و گواستنەوەی هەواڵەکانی ئابووری بە شێوەی ڕۆژانە کە ئارەزوویان هەیە لە ئامادە کردنی هەواڵەکان بەلآم کاتی پێویستیان لە بەر دەست دا نیە بۆ گەڕان بەدوای وردەکارییەکان. ئەوەش لەزۆربەی کاتدا دەبێتە هۆی کە هەواڵەکە بە شێوەی مانشیت بێت و نەبوونی ناوەڕۆکی سەرەکی. لێرەدا پێدانی زانیاری و بابەتی پوخت بەو کۆمەلەیە دەکەوێتە ئەستۆی دەستە دەربارەی بابەتی هەواڵەکە بۆ نەکەوتتە ناو هیچ هەڵەیەك لە لایەن ڕاگەیاندنەوە.

### 3.پەیامنێرە سیاسیەکان

زۆر گرنگ و پێویستە لە سەر دەستە وریا بێت لە هەر بلاکراوەیەکی ڕۆژنامەوانی لە بارەی کات و ناوەڕۆکەوە، هەندێك جار وایە کە ڕێگایەك یان شێوازێك یان کاتی بلاوکردنەوەی دەرخستنەکان (بيانات) دەبێتە چێرۆك نەوەك هەواڵی سەرکی. ئەمەش وا لە دەستە دەکات کە پشت بە شەفافیەت و ڕوون وئاشکرایی ببەستێت لە خشتە و پرۆگرامی کارەکانیدا و بلاوکردنەوەی ڕۆژنامەی ئاماری بۆ بەکارهێنەران کە سوودێکی زۆری هەیە لەم بوارەدا.

## دووەم: پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ ڕاگەیاندنەکان

1. ئامادەکردنی لیستی پەیوەندیکردنی (Mailing List) تازەکراوە کە ژمارەکانی تەلەفۆنو مۆبایلو ئیمەیلەکانی ڕاگەیاندنو ڕاگەینکارانی بێ لایەن لە وولآت لە خۆبگرێت.
2. دەستەی ئامار هەڵدەستێت بە گشتاندنی بەیاننامەی ڕۆژنامەوانیو هەواڵی ئاماریی لە ڕێگای لیستەکانی پەیوەندیکردنو بەهۆی ئیمیلێك کە ناوی فەرمی دەستە (Domain) هەڵبگرێت.
3. سوودوەرگرتن لە چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ ڕاگەیاندنەکان بۆ بەردەوام تازەکردنەوەی لیستەکانی پەیوەندیکردن.
4. ڕێگەدان بە هەر لایەنێکی پەیوەندیکردن بۆ دەرچوون unsubscribe لە لیستەکانی پەیوەندیکردن بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی.

## سێیەم: بڵاوکردنەوەی ئامارەکان

1. ئامارەکان بڵاودەکرێنەوە بەپێی کاتەکانی بڵاوکردنەوە کە لە ڕۆژژمێری ئاماری دیاریکراون، هەر کاتێك شیاو بێت.
2. بەیاننامە ڕۆژنامەوانیەکان‌و هەواڵی ئاماری لە یەك کاتدا پێشکەش بە هەموو ئاژانسەکانی هەواڵ کە لە وواڵت کاردەکەن دەکرێت بەبێ جیاوازی، و دەکرێت هەواڵەکە لە ڕێگای ئاژانسی هەواڵی نیشتمانی بدرێت بە ئاژانسەکانی تری هەواڵ‌و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەمان کاتدا.
3. بەیاننامە ڕۆژنامەوانیەکان‌و هەواڵی ئاماری لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی بڵاودەکرێنەوە لە هەمان کاتی بڵاوکردنەوەی لە هۆیەکانی تری بڵاوکردنەوە.

## چوارەم: پتەوکردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ ڕاگەیاندنەکان

1. دەستەی ئامار بە بەردەوامی هەڵدەستێت بە سازدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕاگەیاندنەکان هەر کاتێك شیاو بێت بۆ تیشك خستنە سەر بابەتی دیاریکراو وەك میتۆدی کاری ئامارەکانی گرانی گوزەرانی‌و هێزی کار.
2. دەستەی ئامار بە بەردەوامی هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی گۆنگرەی ڕۆژنامەوانی هەر کاتێك شیاو بێت بۆ بڵاوکردنەوەی ئاماری نوێ بە مەبەستی پتەوکردنی ئامادەبوونی دەستەی ئامار لەسەر ئاستی هەرێم.
3. تەرخانکردنی بەشێك لە پێگەی ئەلیکترۆنی "Media Room" بۆ دانانی بابەتی ڕاگەیاندکاری وەك وێنەو گرتەی ڤیدیۆ بە مەبەستی ئاسانکردنی گەیشتنی ڕاگەیاندنەکان بۆ ئەم بابەتانە.
4. ئامادەباشی دەستەی ئامارو پسپۆڕانی تەکنیکی بۆ بەدیهێنانی پێداویستیەکانی ڕاگەیاندنەکان بەتایبەتی لە کاتی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی ڕۆژنامەوانی یان ڕاپۆرتی ئاماریی.

## پێنجەم: پەرەپێدانی تواناکان لە بواری مامەڵەکردن لەگەڵ ڕاگەیاندنەکان

دەستەی ئامار کاردەکات بۆ:

1. پەرەپێدانی توانای ئەو فەرمانبەرانەی مامەڵە لەگەڵ ڕاگەیاندنەکان دەکەن لە ڕێگای خولی ڕاهێنانی تایبەتمەند.
2. دانانی ڕێنمایی ڕوون‌و دیاریکراو بۆ کارمەندانی تەکنیکی سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕاگەیاندنەکان.
3. دانای سیاسەتێکی ڕوون‌و ڕێکاری دیاریکراو بۆ ڕاستکردنەوەی داتای بڵاوکراوەی هەڵە.
4. دانای سیاسەتێکی ڕوون‌و ڕێکاری دیاریکراو لە ئەگەری گۆڕینی کاتەکانی بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئاماریەکان.
5. دانانی ڕێکاری دیاریکراو بۆ لێدوان لەسەر لێکدانەوەی "هەڵە" بۆ ئامارە بڵاوکراوەکان.
6. بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەکنەلۆجیای پەیوەندیکردن‌و زانیاری بە شێوازێك کە خزمەتی بوون‌و گشتاندنی ژمارەی ئاماری.
7. ڕاهێنانی کارمەندانی تەکنیکی لەسەر ناوەڕۆك لە ڕێگای جەختکردن لەسەر چیرۆکی ئامار.
8. پەیوەندیکردنی بەردەوام لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

ئەم سیاسەتە لە بەرواری 2014/6/1 پەسەند کرا.

سیروان محمد محی الدین

سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان – عیراق